## عەبدولباری زێباری:

# پێدەچێ لیستی حەدبا بن بە دوو بەشەوە

سایتی ئینگلیزی زمانی کوردش گلۆب لە ڕاپۆرتێکیدا باس لە درێژەی کێشەکانی نێوان لایەنی عەرەبی و کوردی لە موسڵ دەکات.. خەسرۆ گۆران سەرۆکی لیستی برایەتی نەینەوا بە سایتەکەی ووتووە لایەنی کوردی وەک پێشمەرجی ئاشتبوونەوە، داوا دەکەن پۆستی جێگری پارێزگاری موسڵ بدرێتە کورد...، شایانی باسە چەند ئەندامێکی ڕەوتی سەدر دەستپێشخەری نامەیەکیان پێشکەشی هەردوولا کرد بە مەبەستی ئاشتکردنەوەی هەردوو لایەنە دژەکە، لەم بارەیەوە عەبدولباری زێباری ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان بە سایتەکەی ووتووە پێناچێ لیستی حەدبا بتوانن بە ئاشتی لەگەڵ لایەنی کوردی هەڵبکەن، چونکە ئەو لیستە کۆنترۆلیان لەدەستی خۆیاندا نییە و چەند لایەنێکی تر هەڵیان دەسووڕێنن...، زێباری ووتووشیەتی ئێستا ناکۆکییەکی توند لەنێوان ئەندامانی حەدبادا هەیە و ئەگەری هەیە ببن بە دوو بەشەوە، بەجۆرێک بەشێک لە ئەندامانیان نەک هەر دژی لیستی کوردین، بەڵکو دژی سەراپای پرۆسەی سیاسی عێراقی تازەن...

## تەنانەت بەبێ کەرکوک و خانەقین و زومماریش

# هەرێمی کوردستان لە نەوتدا شەشەمی جیهانە

25ی حوزەیرانی 2009 سایتی سیکین ئەلفا ڕاپۆرتێکی دوورودرێژی بەناونیشانی "کوردستانی عێراق: یەکێ لە ناوچە هەرە ویستراوەکانی کێڵگە نەوتییەکان" بڵاوکردۆتەوە.. لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە هەرێمی کوردستانی عێراق درێژەوەبووی دەوڵەمەندترین زەمینی نەوتیی جیهانە کە لە سعودیەوە بۆ سوریا درێژ دەبێتەوە... لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە هەرێمی کوردستان (تەنانەت بەبێ کەرکوک و موسڵ )، بەپێی خەملاندنەکان 45 بلیۆن بەرمیل نەوتی ژێر زەوی تێدایە، کە زۆربەی زۆری تازە پێی زانراوە و بەمەش دەبێتە شەشەمین لە سامانی نەوتدا لەسەر ئاستی جیهان...، سیکین ئەلفا دەڵێ بەر لە ڕووخانی سەدام حسێن بەهۆی کێشەی سیاسی و جوگرافییەوە سامانی نەوتی کوردستان دەستی لێنەدرابوو، بەڵام دوای ڕووخانی سەدام حکومەتی کوردی دەستی بە ڕێککەوتنی هاوبەشیی بەرهەم لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان کردووە و تا ئێستا ئەو حکومەتە بۆندی لەو جۆرەی لەگەڵ 25 کۆمپانیای جیهانیی ئیمزا کردووە...



## سۆزان شەهاب:

# هیچ حزبێک ڕێگە بە ئەندامەکانی نادات دەنگ بە لایەنێکی تر بدەن



ئەگەر لە شوێنانی تر خرۆشانێکی نارێکخراو هەر واتایەکی هەبێ، ئەوا لە کوردستان لەوانەیە مانای دەستپێکی ڕووداو گەلێکی گەورە بێ...، دوای چەند مانگ لە دواخستن، دواجار وەرزی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بۆ هەڵبژاردنە پارلەمانییەکەی 25ی تەمموزی کوردستان دەستی پێکرد...، لە هەموو شوێنێ ئاڵا و پۆستەر و ناوی کاندید و گۆرانی نیشتمانییە...، ئەو کوردانەی چوار ساڵ لەمەو بەر زۆر لەوە گەنجتر بوون بتوانن دەنگبدەن، ئەمجارە زۆر بە پەرۆشەوە باسی چاکسازیی دەکەن، بەڵام باوان و باوکی باوانیشیان حەماسەتیان لەمان کەمتر نییە...، ئاسۆس هەردی ڕۆژنامەنووس و شرۆڤەوانی سیاسی دەڵێ "هەمووان هەست دەکەین ئەمجارە تەواو جیاواز دەبێت، ئەمە یەکەمجارە لەدوای داگیرکردنەوە کێبەرکێیەکی ڕاستەقینەمان هەیە"...

بەڵام زۆرێک لە کوردان دەڵێن ئەوان زیاتر لەو ماوەیە چاوەڕێیان کردووە...، لەوکاتەوەی هەرێمی کوردیی لە 1991 ەوە خۆڕێبەریی لە دیکتاتۆرییەتی سەدام حسێن وەرگرتووە، (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) زۆرینەی حکومەتەکەیان پێکهێناوە وبەسەریدا زاڵ بوون...، ئەو دوو لایەنە پێشتر دوو دوژمنی خوێنینی یەکتر بوون، بەڵام دواتر پەیوەندییەکانیان بەجۆرێک پەرەی سەند کە ئێستا لیستێکی هاوبەشیان بەناوی "کوردستانی" پێکهێناوە...

جاری پێشوو بەو یەکگرتنەیان شکستیان بە لایەنە بەرهەڵستکارەکان هێنا و بەنیازن ئەمجارەش وەها بکەنەوە....، سەرانی ئەو دوو حزبە دەڵێن مەبەست لە یەکگرتنەکە هێشتنەوەی بەردەوامی یەکڕیزی لایەنەکانە، بەڵام بەرامبەرەکانیان دەڵێن مەبەست لەوە هێشتنەوەی دەسەڵاتی هەردوو لایان و بەردەوامیی کۆنترۆلی هەردوو لایانە بەسەر ناوچە بە نەوت دەوڵەمەندەکانی باکووری عێراقدا..کەچی هەر بەو خۆ دوورگرتنە لە کێبڕکێ هەر ئەو دووانە ڕێگەیان بۆ سەرهەڵدانی لایەنێکی تر خۆشکرد بەناوی گۆڕان...، ئاسۆس هەردی ئاوا باس لەو لایەنە دەکات "گەورەترین تەحەددیە لەبەردەم دوو لایەنە دەسەڵاتدارەکە و ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێزتریش دەبێ"...

سەرۆکی لیستی گۆڕان نەوشیروان مستەفا دەڵێ ئەو لە ئەنجامی بێ ئومێدبوون لە چەندین مەسەلە وازی لە حزبەکەی پێشووی هێنا، ئەوانیش: کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات لەلایەن یەکێتی و پارتی، شکستهێنان لە دابینکردنی خزمەتگوزاریی بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان و پەیڕەوکردنی سیاسەتی دەوڵەمەندکردنی ڕێبەری حزبەکان و برادەرەکانیان... جوامێر مستەفا قسەکەری لیستەکەش دەڵێ "کار لەسەر سیاسەتی دژەگەندەڵی و دابینکرنی خزمەتگوزاری و بەهێزکردنی ژێرخانی وڵات دەکەین"...، نەک تەنیا سلێمانی کە بنکەی بەهێزی گۆڕانە، بەڵکو لە هەولێر و دهۆکیش ئۆتومبێل و دیوارەکان هەموو درووشمی گۆڕان و "گۆڕان بەڕێوەیە" یان پێوەنراوە...

لیستی کوردستانیش لای خۆیەوە خاوەنی چەندین سەرچاوە و ڕێکخراو و ئەزموونی سیاسییە...، ئەم لیستەش دیسان پەیمانی گۆڕان دەدات: خزمەتگوزاریی گشتیی زیاتر و پەروەردەیەکی باشتر لەسەر دەستی "ئەوانەی لە ڕابردوودا تێکۆشاوون"، کە مەبەست لێی پێشمەرگەیە، بەڵام بیرمان نەچێ نەوشیروان مستەفاش وەک مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی پاڵەوانێکی ڕیزی پێشمەرگە بووە.. دروشمی لیستی کوردستانی "نوێبوونەوە و ئاوەدانی"یە...، سوزان شەهاب کاندیدی لیستی کوردستانی دەڵێ "دەمانەوێ لە هەموو ڕووەکانەوە چاکسازیی بکەین: سیاسی، ئابووری، پیشەسازیی، پەروەردە، تەندرووستی، ژنان و منالان"...

لە هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵدا 590 کاندید کێبڕکێ لەسەر 111 کورسی پەرلەمان دەکەن و ناوی 2،5 ملیۆن دەنگدەری تۆمارکراو هەیە...خەڵکی هەرێمەکە دوعا دەکەن هەڵبژاردنەکە توندوتیژی لێنەکەوێتەوە...، سەلاح خەلیل،مامۆستای قوتابخانە لە هەولێر، کە لە هەڵبژاردنی پێشوودا دەنگی بە لیستی کوردستانی دابوو دەڵێ "ناکرێ چاوەڕێی موعجیزەیەک بکەین کە سەراپای شتەکان بەخێرایی بگۆڕێ، بەڵام شتی زۆریش ماوە بکرێ و خەڵکەکەش لە دۆخەکە نائومێدن"...هەندێکی تر لەوەش توندترن، ئەوەتا مەزهەر محەمەد فرۆشیاری ئۆتومبیل دەڵێ پێشتر دەنگم بە کوردستانی دا، بەڵام ئەمجارە دەنگی پێنادەم چونکە هیچی پێ ناگۆڕێ...

تا ئێستا دوو ڕاپرسی کراوە و هیچیان دەریان نەخستووە لیستی یەکێتی-پارتی بدۆڕێ.. زۆربەی پێیانوایە کوردستانی یەکەم دەبێ و گۆڕان دووەمێکی بەهێز دەبێ و کاریگەرییەکی زیاتر تروست دەکات لەچاو بەرهەڵستکارە لاوازەکانی وەک زەحمەتکێشان و یەکگرتووی ئیسلامی...

بەپێی ڕاپرسییەکی ڕێکخراوی کوردستان تایبەت بە ڕاپرسی و توێژینەوەی ستراتیژی، 51%ی بەشداربووان پێیان وابووە گۆڕان تەحەددیەکی گەورە دەبێ بۆ لیستی کوردستانی...49% لەو 1000 کەسەی ڕایان وەرگیراوە پێیانوابووە ئەو دوو حزبە هەڕەشە و تەزویر لە هەڵبژاردنەکاندا بەکار دەهێنن...جوامێر مستەفا قسەکەری لیستی گۆڕانیش یەکێتی و پارتی بەوە تاوانبار دەکات کە ئەو کارمەندە حکومییانە لەسەر کار لادەبەن کە پەیوەندییان بە لیستە بەرهەڵستکارەکانەوە هەیە...، بەڵام سۆزان شەهاب لایەنەکە خۆی لەو بارەیەوە بە هەڵە نازانێت...، شەهاب دەڵێ "هیچ حزبێک ڕێگە بە ئەندامەکانی نادات دەنگ بە لایەنێکی تر بدەن، بەڵام ئازادن لەوەی بچنە ناو لایەنێکی تر و هەوڵ بۆ سەرکەوتنی ئەو لایەنە نوێیە بدەن"...

لیستی کوردستانی دەڵێ جەنگان لەدژی گەندەڵی لە کارە لە پێشینەکانی دەبێت و بەڵێنی داوە لیژنەیەک بۆ بنبڕکردنی گەندەڵیی دروست بکات...

دەنگەکانی 25ی تەموز لە بەغدا دەژمێردرێن و هەموان بە جیاوازی بەرنامەکانیانەوە چاوەڕێی هەمان دەفتەرچەن...

**سەرچاوە: نیوزویکی ئەمەریکی، 25ی حوزەیرانی** 2009

# ئەمەریکا، بەرهەمی کاری دەستی کچانی کورد لە پیشانگەیەکدا

ڕێکخراوی هەڤاڵبەندی نێودەوڵەتی لە کۆمەڵگەی Big Sky بەرهەمی کارە دەستییەکانی ژنانی گەنجی کورد پیشان دەدات و هەلێکتان دەداتێ ببنە هاوڕێی کوردان ئەویش بە کڕینی یەکێ لە بەرهەمە چنراوەکانیان...

کورد گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتن لە جیهاندا...، جگە لە هەرێمی دژە فڕین لە عێراقدا هیچ کیانێکیان نییە، 30 ملیۆن کورد هەن و دەوڵەتێکی فەرمییان نییە...بەم جۆرە کورد بە پێنج وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پەرش و بڵاو بوونەتووە: تورکیا، ئێران، عێراق، سوریا، باشوری ڕوسیا و دەڤەری قەوقاز...دروشمیشیان بریتییە لە : کەس هاوڕێمان نییە جگە لە چیاکان...

ڕێکخراوی هەڤاڵبەندی نێودەوڵەتی ماوەی 20 ساڵە دەستی یارمەتی بۆ کوردان درێژ کردووە...، مەینەتییەکانی ئافرەتانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی تورکیا جێگەی نیگەرانیەکی تایبەتە، کە زۆربەیان نەخوێندەوارن و فەرمانبەر نین...، کوردانی ئەوێ ئەو بڕە پارە کەمەی هەیانە بۆ خەرجی خوێندنی کوڕەکانیانی تەرخان دەکەن و لەلایان لەپێشترن لە کچەکانیان...

بەهۆی بەردەوام نەبوون لە خوێندنەوە، هەلی کار بۆ کچانی کورد لە تورکیا ئێجگار کەمە...، زۆر جار بەزۆر بە شوو دەدرێن بە پیاوانی بەتەمەن...، بەهۆی ئەو گرفتانەوە زۆرێکیان خۆیان دەکوژن و ژمارەیەکی زۆریشیان ڕوو لە چیا دەکەن و چەک هەڵدەگرن...

ڕێکخراوی هەڤاڵبەندی نێودەوڵەتی دەرگایەکی هیوای بەڕووی ئەم کچانەدا کردۆتەوە، ئەویش بە دروستکردنی ۆرکشۆپی چنین و کاری دەست لە ڕۆژهەڵاتی تورکیا و دواتر بەرهەمەکانیان دەهێنرێت بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان و دەفرۆشرێن و بە پارەکەی لایەنی خوێندن و تەندروستی کچانی کورد باش دەکرێت و وایان لێدەکرێت خەونەکانیان لە بری چەک و چەکداریی بەلای خوێندنی باڵا و گۆڕینی دۆخی ژیانیاندا بێت...

**سەرچاوە:** www.lonepeaklookout.com

28 ی حوزەیرانی 2009

**تێبینی: سایتەکە تێکۆشانی پەکەکەی بە تیرۆر ناوبردووە، ئێمە پێمان باش بوو بڕگەی "چەک و چەکداری" بەکار بهێنین نەوەک تیرۆر...**



# هێڵەکانی نەوت گواستنەوەی تورکیا، کارتێکی سیاسی و ئابووری تورکیا لە بەرامبەر کورد

کەرکووک مەڵبەندی پیشەسازیی نەوتی باکووری عیراقە.. ئەم شارە کە دانیشتوانی تێکەڵەیەکن لە کورد و عەرەب و کلدان و ئاشووری، لەگەڵ موسڵ و خانەقیندا 20% ی کۆی نەوتی ژێرزەوی عیراقیان تێدایە.. باکووری عیراق 8،7 بلیۆن بەرمیل نەوتی ژێر زەوی عیراقی تێدایە.. ئەو ناوچە نەوتیانەی باکوور لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی سەدام حسێندا کەوتنە بەر شاڵاوی پاکتاوی ڕەگەزی و بەم پێیە عەرەبی سوننی دەهێنرانە ئەوێ و ئیتنیکەکانی تر دەردەکران...کورد دەڵێن ئەوان پێشتر زۆرینەی کەرکووکیان پێکهێناوە، بۆیە دوای 2003 و ڕووخانی سەدام دەستیانکرد بە دووبارە نیشتەجێبوونەوە لە کەرکووک و ناوچە نەوتییەکانی تر.. ئەم کارەی کوردەکان ئەو خەڵکانەی تری ناوچەکەی تووڕە کردووە کە خۆیان بە خاوەنی ڕاستەقینەی کەرکووک دەزانن...بەغداش دیسان لەدژی ئەوەیە کورد پارە و دەسەڵاتی زۆریان هەبێ، چونکە لە دڵی خۆیاندا و لەژێرەوە کورد بە هاریکار و پشتیوانی داگیرکارانی عیراق دەزانن، هەرچەندە هەر ئەو داگیرکەرە بوو لەدەست ستەمی سەدام ڕزگاری کردن...

بەهۆی ئەم ڕاستییانەی ئاماژەمان پێکردن تا ئێستا ئەو ڕیفراندۆمەی بڕیارە چارەنووسی کەرکووک یەکلایی بکاتەوە ڕێکنەخراوە.. بەڵام کورد نایانەوێ لەوە زیاتر دوا بخرێ...کورد دەیانەوێ دەسەڵاتیان بەسەر کەرکووکدا پراکتیزە بکەن، چونکە ئەمە ئەگەر گەرانتی سەربەخۆییشیان نەکا، لانیکەم لە ڕووی ئابوورییەوە وایان لێدەکات پشت بە خۆیان ببەستن...هەر لەبەر ئەم هۆکارانەشە ئەم تەڵەزگەیەی ئێستای کەرکووک لەژێر هەڕەشەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی داهاتوودایە...

لە مانگی یەکی 2009 هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عیراق ئەنجامدران، بەڵام لە کەرکووک و سێ پارێزگا کودییەکەی تردا هەڵبژاردنەکە دواخرا...پەرلەمانی عیراق بە پشتیوانیی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆمیتەیەکی بە مەبەستی دیاریکردنی ئالیەتێکی چارەسەر دیاریکرد، بەڵام ئەو کۆمیتەیە نەیتوانی بگاتە چارەسەرییەک کە سەرجەم لایەنە پێکهێنەرەکانی کەرکووک ڕازی بکات...کورد دەڵێن بەو پێیەی ئەوان زۆرینەی کەرکووک پێکدێنن، دەبێ ئەنجوومەنی پارێزگاکە ڕەنگدەرەوەی ئەو ڕاستییە بێت...بەڵام عەرەب و تورکمانەکان داوای دابەشکردنێکی یەکسانی کورسییەکانی ئەنجوومەنەکە دەکەن...بەمجۆرە هەر لایەنە دەیەوێ دەسەڵاتێکی بەرچاوی هەبێ و لە کورسییەکانی ئەنجوومەنی پارێزگادا ڕەنگبداتەوە و بەشداربێ لە دیاریکردنی ئایندەی سامانە سرووشتییەکانی ئەوێ...

نەوت و گاز چەندە هۆی دەوڵەمەندیی کەرکووکن، بە هەمان ئەندازە هۆی ململانێکانی کەرکووکن...ئەوەی تا ئێستا زانراوە، عیراق لەسەر ئاستی جیهانیدا پلەی دەیەمی لە سامانی گازی سرووشتیدا هەیە و زۆرینەی ئەم سامانەش لە نزیک کەرکووکە.. چاککردنەوەی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی گازی سرووشتی عیراق، سەرنجی لایەنە ناوەکی و دەرەکییەکانی ووڵاتی ڕاکێشاوە...

حکومەتی زۆرینە شیعە و عەرەبی بەغدا نایەوێ کەرکووک و سامانەکەی بکەونە چنگی کورد...ترسەکە هەر ئابووری نییە، بەڵکوو دەیانەوێ خواستی لامەرکەزی (حساب نەکردن بۆ ناوەند)ی کوردیی لەبار ببەن بەتایبەت کاتێک لەڕووی ئابوورییەوە سەربەخۆ دەبن...هەر لەم سۆنگەیەشەوە بوو کە بەغدا گرێبەستە تاکلایەنەکانی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکانی ڕەتکردەوە...

تورکیاش لەو گەمەیەی باکووری عیراقدا لە سێ لاوە ڕۆڵی خۆی دەگێڕێ: یەکەمین بەمەرجی ئەوە پشتیوانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات کە ئەو حکومەتە بنکەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە باکووری عیراق لەناو ببات.. دووەمین تورکیا بە ئەرکێکی ئەخلاقیی خۆی دەزانێ کە بەرگری لە ژیان و بەرژەوەندییەکانی تورکمان لەوێ بکات، تورکمان دەکرێ وەک هۆکارێکی بەهێزکردنی هەژموونی تورکیا لەو ناوچەیە تەماشا بکرێن.. سێیەم، تورکیا چاودێری سامانە سرووشتییەکانی باکووری عیراق دەکات...

بۆری گواستنەوەی کەرکووک-جیهان درێژییەکەی 600 میلە و لەسەر بەندەری دیترێۆتی تورکیا لەسەر دەریای ناوەڕاست کۆتایی دێت...ئەم بۆرییە پێش داگیرکاری عیراق ڕۆژانە 1،5 ملیۆن بەرمیل نەوتی دەگواستەوە و ئێستا تەنیا نیوەی ئەو بڕە دەگوازێتەوە...ئەم هێڵی گواستنەوەیە ڕێگای سەرەکی گواستنەوەی نەوتی باکووری عیراقە بۆ دەرەوەی وڵات و ئەمەش نفوزێکی سیاسی و ئابووری دەداتە تورکیا لە عیراق بەگشتی و لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی...وەک ئاماژەیەکی ئاسایی بوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و تورکیا، ئێستا ئەو حکومەتە ڕۆژانە 100،000 بەرمیل نەوت لەڕێگەی تورکیاوە دەنێرێتە دەرەوە و هیواداریشە لەناوەڕاستی 2010 دا بڕەکە بگەیەنێتە 250،000 بەرمیل لە ڕۆژێکدا..

ئەمانە گەشەکردنی ئەرێنین بە ئاراستەی جێگیربوونی بارودۆخی ئەم ناوچە گرژ و دوودڵەدا.. بەڵام کەسیش نازانێ دوای دەرچوونی ئەنجامی ڕیفراندۆمەکە چی ڕوو دەدات، ئەو ڕیفراندۆمەی یەکلایی دەکاتەوە کە ئاخۆ پارێزگاکانی کەرکووک و نەینەوا و دیالە و سەلاحەدین دەخرێنە سەر هەرێمی کوردستان یان نا...هەمووان تووڕەن.. ئەنجامی ڕیفراندۆمەکە دیاری دەکات کە ئایا دەکرێ دیموکراسی بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەو سامانەی ژێر زەوییەکە هەڵبکات کە چارەنووسی ژیانی خەڵکی سەر زەوییەکە دیاری دەکات؟...

**سەرچاوە: سەندەی زەمانی تورکی، 28ی حوزەیرانی** 2009

